# ئازادییە سیاسیەکان، پێویستە بە یاسا لە کوردستاندا دەستەبەر بکرێت!

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com

هیچ چەمکێك لە کوردستان بە وێنەی چەمکی ئازادییە سیاسیەکان، گیرۆدە نەبوەو خراپی بەسەر نەهاتوە، دەمێك بە"ئازادی بێسنور"و تاوێکی تر بە "سانسۆر نیە"و جاریکی تر" بە ئازادترین ناوچە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست"و... ناوزەدە دەکرێت‌و باس دەکرێت‌و دەکرێتە مانشێتی گەورەی سەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەردوو حزبی دەسەلاّتدارو هەندێ جاریش دەکەوێتە سەر زاری سەران‌و سەرۆك‌و سکرتێری هەردوو حزبی دەسەلاتدار. هۆی ئەوەی کە ئەم باسە ئاواکراوەتەوەو باسی لە سەر دەکرێ، پێش هەرشتێك دەربڕینێکە لە خواستێکی گەورەو فراوانی جەماوەری خەلّکی کوردستان، خواستێك کە لە پێناویدا خەلّکی کوردستان لەسایەی دەسەلاّتدارێتی حکومەتی بەعسدا، دەرگیری دژوارترین هەلومەرجی سەرکوت‌و ڕاونان‌و زیندانیکردن‌و حوکمی ئیعدام بوبونەوە، ئەمڕۆ خەلّکی کوردستان ئەم خواستە بۆتە سەرلەوحەی خواستەکانیان‌و بەشێوەی جۆاوجۆر لە ڕیگای خەباتی گونجاوی خۆیانەوە لە خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و ئیمزا کۆکردنەوە دەریانبڕیوە.

بەلاّم لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە، کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان قسەی سەرۆك‌و سکرتێری گشتی‌و ڕۆژنامەکان لەگەل پراتیککردنی ئەو پڕوپاگەندانەدا. خۆپیشاندان‌و مانگرتن لە ژێر ناوی ترس لە تیرۆرو دزە کردنی تیرۆریستان قەدەغە دەکرێت، بڕیار دەردەکرێت هەر خوێندکارو فەرمانبەرێك بەشداری بکات لە مانگرتن‌و خۆپیشاندانەدا، ئەوا دەردەکرێت، لە هەولێر بە ئاشکرا خۆپیشاندانی مامۆستایان قەدەغە دەکرێت‌و ژورنالیستەکان زیندانی دەکرێن.....

## *بەپێی یاسا ئازادییە سیاسیەکان دابین دەکرێت

دیارە بە جیا لەوەی کە یاسا خۆی لەلایەن ئینسانەوە دەنوسریت‌و هیزی دەسەلاتدار لە ڕیگای زۆرو ستەمەوە یان لە ڕیگای بەگەرخستنی ئیمکاناتی ماددییەوە دەیکاتە عەقلیەتی خەلّك‌و بەم پێیەش، هەر کات جەماوەر ئیرادە بگرێت نەك دەتوانیت یاساکان بگوریت لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەلّکو دەتوانێت ستەم‌و دەسەلاتیش بگۆرێت‌و ئەمە ناوەڕۆکی مێژوو پێك دەهێنێت، بۆیە باسی ئەوەی کە یاسا سەروەرە، دەبڕینیکی سیاسی چەواشەکارانەیەو دەربڕینیکی مەزهەبیە لە ئەزەلیەت بوونی یاسا، کە لەواقعدا وانیەو هەگیز واش نابێت، هە ئەو یاسایەی دەسەلاتداران خۆیان دای دەنێن کاتێك کە زانیان زەرەرمەند دەبن توڕی هەلّدەدەن‌و یاسایەکی تر لە جێگایدا دادەنێن.

بەلاّم بەجیا لەوە دەلّێن "یاسا سەروەرەو کەس لە سەرو یاساوە نیە" ئەگەرچی ئەم ڕستەیە لە واقعدا وانیەو هەموو سەرۆك‌و سەرانی حزبە دەسەلاتدارەکان لە سەروو یاسایەکەوەن کە خۆیان نوسیویانە. بەلاّم لیرەدا باسی ئەصلی ئەوەیە، کە ناوەرۆکی یاساکە چیە کە سەروەرە؟وە لیرەوە دەبێت بلّێین کە ناوەرۆکی ئەو یاسایە چیە کە ئازادییە سیاسیەکان دابین دەکات؟ چونکە هەموو دەولّەت‌و حکومەتێك هەرچەندە کۆنەپەرست‌و دیکتاتۆری‌و توتالیتاری تێدابێت، هەموویان دەلّێن یاسا سەروەرە، بەلاّم یاسایەك کە خۆیان نوسیویانەو لە پیناو مانەوەی خۆیاندا‌و هەرکەسێکیش لابدات لێی ئەوە ئیعدام‌و ئەشکەنجە چارەنوسی دەبێت. کەواتە ناوەرۆکی یاسایەك کە ئازادیيە سیاسیەکان دابین بکات چیە؟ ئەو یاسایە پێویستە لەسەر پایەی ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی دابمەزرێت. ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی مانایەکی ڕۆشنی هەیەو جێگای لێکدانەوەی جیاوازی تێدا نابێتەوە. ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی مانای ئازادی ڕا دەربڕینە، ئازادی ڕەخنەگرتن بەبێ هیچ قەیدو بەندێك لە چەشنی قەیدو بەندی فەرهەنگ‌و داب‌و نەریتی نەتەوەیی‌و ئاینی‌و... ئازادی مانگرتن‌و خۆپیشاندان بەبێ پێویست بونی وەرگرتنی ئیجازە لە ئاسایش‌و پۆلیس‌و پاریزگاو... تەنها ئەوەندە بەسە کە لایەنی بەرپرس لە ڕۆژو کاتی مانگرتن یان خۆپیشاندان ئاگاداربکرێتەوە، ئازادی پێکهێنانی سەندیکاو یەکێتی کرێکاری‌و جەماوەری‌و پیشەیی، ئازادی پێکهێنانی ئەحزابی سیاسی، بەلام دیسان بەبێ ئەوەی کە دانە بەدانەی ناونوسانی خوازیارانی ئەم ریکخراوو حزبانە پێویست بکات تەحقیقاتیان لەگەل بکرێت لە ئاسایش. لە کوردستاندا تا ئێستا ئازادی سیاسی نیەو هەرلایەن‌و کەسێکیش بەراوردی خۆی بکات بەوەی کە لەحوکمی بەعس باشترە، پێم وابیت ئەوە خەریکە سەرکوتگەری خۆی نیشان بدات نەك ئازادیخوازبونی، چونکە ڕۆشنە مەودای سەرکوتگەری حکومەتی قەومی بەعس لە چ ئاستێکی خەتەرناکدا بوو.

## *ئازادی لە بناغەوە بۆ مخالفینی سیاسیە

ئازادی سیاسی لە کوردستان لە باری عەمەلی‌و لە ڕوانگەی هەردوو حزبی دەسەلاّتدارەوە تا ئێستا وەك "تەعەدودی حزبی" سنوردار و دەرچونی ژمارەی ڕۆژنامەکان، چاوی لێ دەکرێت‌و پراتیك دەکرێت. بەلام لە بناغەوە ئازادی سیاسی چەمکێکی کۆمەلایەتیەو ڕاستەوخۆ پەیوەندە بە ژیانی کۆمەلایەتی‌و پراتیکە کردنی ئازادی بێقەیدو شەرتە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەدەسەلاتدا نین، بۆ هەموو ئەوانەی کە موخالفن بەدەسەلات، بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان بەوە هەیە کە بیروڕای خۆیان دەربڕن، کە نارەزایەتی خۆیان دەربڕن بە شێوەیەك کە خۆیان بە گونجاوی دەزانن. کەواتە باسی ئازادی حزب‌و بونی چەند حزبی لە وولاتێکدا بۆخۆی هیچ مانایەکی ئازادی ناداتە دەستەوە، وەتەنانەت هیچ مانایەکی دیموکراسی لیبرالی‌و دیموکراسی ڕۆژئاوایی ناداتە دەستەوە، ئەگەر لە چوارچیوەی ئازادییەکی فراوانی کۆمەلایەتیدا دەستەبەرنەبێت. بەتایبەت باسی ئیمە لە سەر کوردستانەو تەنانەت تەعەدودی حزبیش مەرجدار بوە بە چونە ژێر بالّی یەکێك لە دووحزبە دەسەلاتدارەکەو ئەم رەوشە بەرۆشنی لەگەل بالّی جیابوەوەی نێو حزبی زەحمەتکێشان بە عەمەلی بەکارهێنرا، بۆیە ئەوە لەجیاتی ئەوەی" ئازادی بێسنور" بێت، سەرکوتی بێ پەردەی ئازادی سیاسیەو لەباری عەمەلیشەوە قاچاغچێتیيە بە فکرو بیروڕای ئازادو کردنیەتی بە پارەو پۆست‌و... ئەمە بەجیا لەوەی کە ئیمە تا ئێستا شاهیدی زیندانی کردنی لەسەر ئازادی ڕادەربرین‌و تەنانەت زیندانی کردنی ئەو ژورنالیستانەش، کە لەخەتی سوری حزبە دەسەلاتدارەکان لایان نەداوە، بەلام بەدلّی ئەوان نەیان نوسیوە، یان هەوالێك بلاو دەکەنەوە کە

ئەوانی پێ نارەحەت دەبن. لەمبارەوە پێویستە بڵێین کە تا ئێستا ئازادی سیاسی لە کوردستان بۆ مخالفینی سیاسی نەبوە، بەمانای ئەوەی کە تا ئێستا ئازادی سیاسی لە باری یاساییەوە نەنوسراوەو دەستەبەر نەکراوە، ئەوەی هەیە واقعیەتی ئەمرۆی هەلومەرجی سیاسی فەرزیکردوە، نەك یاساو ڕیسای ئەحزابی دەسەلاتدار.

***ئازادی سیاسی، مەیدانێکی گرینگی خەباتی جەماوەری**

بەلاّم پاش تەجروبەی شاخ‌و شار، پاش 15 ساڵ لە حوکمڕانی ئەحزابی ناسیونالست لە کوردستاندا، ئەوە ڕۆشنە، کە هەردوو حزبی دەسەلاتدار لە نیوان خۆشیاندا ناتوانن پابەند بن بە ئازادی سیاسی‌یەوە، ئەوان لەجیاتی ئەوە چەمکی"ڕیککەوتن" بەکار دەبەن، فیفتی فیفتی‌و دابەشکردنی پۆستەکان‌و تەنانەت کێشە لە سەر دابەشکردنی پارەوپول‌و سەرەوت‌و سامانی خەڵکی کوردستان، بەڕۆشنی ئەوە نیشان دەدات، کە ئەوان ناتوانن پابەند بن بە ئازادی‌سیاسی‌و ململانێی سیاسی، خۆئەگەر لەم نێوەدا ئیستسنایەك ببینین، ئەوە بەحوکمی هەلومەرجی سیاسی ڕۆژو فشاری ئەمەریکایە. ئەم واقعی حاڵە هەموو کەس دەیزانێ.

دابینکردنی ئازادیە سیاسیەکان، ئەمرۆ لە کوردستاندا بۆتە خواست‌و ویستێکی جەماوەریی فراوان، مامۆستایان، خویندکاران، مامۆستایانی زانکۆ، کرێکارانی کارگەو بەشەکانی‌تر، فەرمانبەران‌و ماف پەروەران‌و...بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم خواست‌و ویستەیان دەربڕیوە. ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە تاڕادەیەك فراوان‌و هەمەگیرە، بەلام یەکگرتوو ڕیکخراونیە، وە هەریەك لەم جولانەوانە لە ڕیکخراوی خۆیان بەهرەمەندنین‌و بەدەوری دروشم‌و خواستی جیاوازیشدا هاتونەتە مەیدان، ئەگەرچی هەموویان لە باری پراتیکیەوە، نیشانیانداوە کە خوازیاری ئازادی سیاسین، بەلام تا ئێستا خواستی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرت، خواستی ئازادی مانگرتن‌و خۆپیشاندان‌و خواستی ئازادی ڕا دەربڕین، نەبۆتە سەر لەوحەی دواکاری‌و خواستەکانیان. دیارە بەبێ دابینکردنی ئەم خواستەو کردنی بە یاسا، هەموو ڕۆژو هەرکاتێك، جەماوەری کوردستان لە بەردەم سەرکوت‌و تۆمەت خستنە پاڵی وەك "دەستی لایەنیکی تیدایە" دەوەستێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ریزی ئەم خەباتە لیبڕاوانە وەستاوە.

دابینکردن‌و بە یاسایی کردنی خواستی ئازادی‌یە سیاسیەکان، ئازادی رەخنەو ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و ئازادی ڕادەربڕین‌و قەدەغەکردنی زیندانی کردن لەسەر موخالیفبونی سیاسی، پێویستی بەڕیکخراوبون‌و یەکگرتوبون‌و یەکبونی خواست‌و دروشمەکان هەیە.